
www.kurdistannet.org

13-10-2006 11:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دکتۆر فەرهاد پیربالْ: یەغ نیشن ئەوانەی دەڵێن گەنج ڕۆشنبیر نیە و ناخوێنێتەوە... ؟؟! ئا: ڕێژین ئیبراهیم

rezhen@maktoob. com



لەدنیای هونەرو ڕۆشنبیردا کەسێکی بزێوو کەسێکی قسە خۆشوو لەناوگەنجدا بە کەسایەتیەکی سەرسپی ناودەبرێت ئەویش دکتۆر فەرهاد ئەو کابرا قسە خۆشەیە کەلەناو ڕۆشنبیران و گەنجاندایە، ئەگەرچی شوناسێکی دکتۆر فەرهاد شوناسێکی سەر سپی و پیر لەناو ڕۆشنبیراندا لەقەڵەم دەدرایێت، بەڵام دکتۆر بەدەقە جوانەکانی توانیویەتی لەو ڕێگەیەوە شوناسی گەنجانەی خۆی بسەلمێنێت و بتوانی کارێکی ئاکتیڤ بکات بۆ گەنجان، بەباشم زانی کەمێك بیدوێنم سەبا! رەت بەگەنجان

+تێروانینی تۆ سەبارەت بە گەنج چیە؟ پێتوایە گەنج توێژێکی زیندوە یاخو توێژێکی مردووە؟وەئەگەر پێم بڵێی وەڵامت چیە بۆ بەشێکی زۆری دەستەڵات یاخود باوك زۆرێك لەمامۆستاکانیش لاوان بەنەوەیەکی لاموبالات و دور لەجدیات وەێف دەکەن؟

-مادام ئەو هێزەی ئەمرۆ لەدەستەڵاتدا تاکو ئێستا نەیتوانیوە گۆرانێك لەواقعی ئەمرۆ دروست بکات وەمادەم نایشیەوێت دروستی بکات مادەم لەبەرژەوندیدا نیە کە ئەو گۆرانە دروست بکاتمادەم هێزی خۆی نەخستۆتە گەڕ لەپێناو ئەو ڕیفۆرمە مانای ئەوەیە ئەو هێزە پیرە ئەو هێزە خۆسەپانەرە هێزێکی مردووەئەمە بەشێوەیەکی مەنتقی ئەگەر بیری لی بکەینەوە بەپێچەوانەی ئەمەشەوە دەبینین گەنجەکانن دەیانەوێت گۆران دروست بکەن گەنجەکانن دەیانەوێت ریفۆرم دروست بکەن گەنجەکانن دەرژێنە سەر شەقام و تورەنو بێزارنن تەنانەت هەندێك جار دەگاتە حاڵتی تورە بوونو جنێودان و حاڵەتی توندو تیژی یاعنی بە پێچەوانەوە بەتەواوەتی گەنجەکان توێژێکی زیندون ئەوتوێژەی بەمردوو حسابە ئەوانەن کەدەستەڵاتیان بەسەر گەنجەوە هەیە بەسەر خوێندکارەوە هەیە، ئەوەتا پێش ئێستا خۆت ش! ایەتی حاڵ بووی وازیلە خوێندن هێنابوو لەسەر ئەوەی پێی ووتبوو ماموستا خوای پۆلەموستەحەقی دەرەجەیەکی بەرزەو کەچی راسبی کردووە اەناو ئەو هەمووگەنجە جوانەی کەدانیشتبوون ئەو یەکەم گەنج بوو کتێبێکی گرتبو بەدەستیەوە لەسەر موزیك و رۆشنبیری و هونەر، وانەبوو خۆمان نەمان بینی، بەڵی وابوو بینیم کتێبَێکی دووسەت لاپەرەی گرتبو بەدەستیەوەو لەسەر مێژووی موزیك وهونەر، معنای ئەو خوێندکارە توێژێکی زیندووە نەمان دیت ناوی بەهنام فەرەیدون لەناوەندی ئازادی خوێندکار بوو فەیل کراوە لە ئەنجامی حەماقەتی ماموستایەك ئەم ماموستایە بگرن لەمەیدانی ئەفوم بکە لەبەردەرکی سەرا لەلای رەسمەکەی شێخ محمودی نەمر دای بنێن بڵێن ئەمە نمونەی ماموستائە کەدەبێتە هۆی ئەوە گەنجی جوانی ئاوا کتێبێکی دووسەت لاپەرەی بەدەستەوە بوو لەسەر جیهانی موزیك و هونەر بەگشتی، ئێستا ناچێتە مەکتەب و کرێکاری دەکات لە تاو بێزار بوونی لەخوێندن لەماموستا لەو مانەیە ی دەرسی تیادەخوێنی ئەمە بۆتە زەحیەی ماموستای خۆیباشە ئەم گەنجە زیندوە یان ماموستاکە بی گومان گەنجەکە زیندووە چونکە گەنجەکە دەیەوێت ریفۆرم دروست بکات ژیان جوان بکات، بەڵام ماموستاکی دەیەوێت بەتەنها و تەنهاو تەنها دار حەیزەران بەکار بهێنی لەگەڵ خوێندکار، خوێندکار بگەیەنێتە ئەوەی کە کرێکاری بکات بەپێچەوانەوە ی ئەو قسەیەوە گەنج ئەمرۆ زیاتر لە بیست رۆژنامەی هەیە بیست سی رێکخراوی گەنجانەی هەیە بەهەموو ماموستایانی

کوردستان یەك ڕۆژنامەیان نیە بەهەموو مامۆستایانی کوردستان ڕێکخراویان هەیە بەهەموو مامۆستاکانی زانکۆ گۆڤارێکیان هەیە ئەویش بۆ بەرژەوەندی خۆیانە بەهەموو مامۆستایانی زانکۆ مەرکەزێکی ڕۆشنبیریان هەیە ئەویش بۆ شوێنی ئارەق خواردنو مەشروبات خواردنە هیچی تر، ئەوسەنتەرە ڕۆشنبیریە هەمووی هی تەلەبەیە هی گەنجە، کەواتە یەغ نیشن ئەوانەی دەڵێن گەنج ڕۆشنبیر نیەوناخوێنێتەوە ئەوەتا بەڵگ! وکان بابێن دووقسە بکەن من جوابی ئەو قسەیەدەدەمەوە.

+ باشە دکتۆر من دەمەوێت بپرسم لەیەکێك لەوکۆڕانەی کە بەستبوت بۆ گەنجان لەو کۆڕەدا ئاماژەت پێدا کە هەندێك لە تەلەبە یان بابڵێین خوێندکارو گەنج بەئەخلاق ترە لەهەندێك لە مامۆستاکان؟

-بەڵی من ئەم قسەیەم لەهەندێك شوێن باسم کردووە لەلای تۆش باسی دەکەم کە هەندجێك لەخوێندکارو تەلەبە بەئەخلاق ترن لە هەندێك لەمامۆستاکان مامۆستای بی ئەخلاق زۆرە، یەك لەو مامۆستا بی ئەخلاقانە ئەوە مامۆستایەیە کە ئەو خوێندکارەی فەێل کردووە کە ئێستا بینیمان حەقی هەشتاو پێنج دەرەجەبووە چلو پێنج دەرەجەی داوەتی ئەویش کاکە (باهنامە) ئێستا لەمەکتەب هاتۆتە دەرەوەو کرێکاری دەکات کەچی من ئەمڕۆ بینیم بە قەدەر مامۆستایەك عیلمو مەعریفەت و ئەخلاقی هەیەتەواو. !

+لێرەدا من دەپرسم تۆ پێت وایە گەنجان چی بکەن کە بتوانن پێگەی خۆیان هەبێت لەناو کۆمەڵدا یاخود بەمانایەکی تر گەنجان بتوانن ئاراستەی روداوەکان بگۆڕن یان پێگەی دەستەڵات و مەعریفی لەقانوندا بگۆڕنو بتوانن دەستەڵاتێکی ئەوتۆیان هەبێت باوەر بەبونی خۆیان بکەن لەگۆمەڵگادا؟

-رێگەی جۆراو جۆر هەیە مەسەلەن بەسیاسی کردنی کێشەکەی خۆیان یەکێکە لە ڕێگاکان کێشەی خۆیان کە کێشەی گەنج و تەلەبەیە بیکەنە کێشەیەکی سیاسی ئاوها نەمێنێتەوە کە تونها بۆ ئەوە خۆ پیشاندان و مانگرتن سازدەکەن چونکە کارەبایان نوقسانە یاخود ئاو... هتد بیکەنە کێشەیەکی سیاسی بیگەیەنە ئاستی سیاسی کەواتە بەسیاسی کردنی کێشەکەیان بەسیاسی کردنی کێشەکەی گەنج و خوێندکار وە ڕێگاو چەکێکی باش دەبێت بەدەستیانەوە دووەم شت بەوەی کەخۆیان بگەیەننە پەرلەمان لەلیستێکی هاوبەشدا

+ببورە دکتۆر گیان قسەکەم پی بری دەبێت ببوری، لێرەدتا دەڵێم تۆدووەم خاڵت باس لەپەرلەمانی گەنجان دەکەی کەبتوانن بگەنە پەرلەمان بەڵام تۆ پێت وانیە ئەو قەرارانەی کە دانراەی لەپەرلەمانی کوردستان ئەویش ئەوەیە کە کەسێك دەبێت بە ئەندام پەرلەمان بۆینیە تەمەنی لە30ساڵ کەمتر بێت بۆی نیە بێتە ئەندام پەرلەمان، لێرەدا من مەبەستم ئەوەیە ناتوانرێت ئێمەی گەنجان بتوانین لەو پەرلەمانەدا بەشدار بین ئەمەش وادەکات ئیتر تێکرای گەنجان بەگشتی پشت سارد بن لەو قسەیەی کەدەڵێیت دەبێت گەنجان کێشەنەبە بەسیاسی بوونی بگەیەنن و چەکێکی باشیش بێت بۆ گەنجان لەم روەوە گەنجان زۆر لاوازن دەرهەق بە دەستەڵات ئەمەش کوشتنی داواومافەکانی گەنجان نیە لەداهاتودا؟

-قوربان من لەم هەفتەیەدا لەرۆژنامەی بەدرخان نامەیەکم نوسیوە بۆ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان تیایدا باسی ئەو مەسەلەیەدەکەم داوام کردووە کەئەو قانونە باسی دەکەی کە کە 30ساڵ کەمتر دەکات نەمێنی لەناو پەرلەمان بۆ ئەوەی گەنج و خوێندکار لە تەمەنی 19 ساڵیەوە بتوانن داخڵی پەرلەمان بن پێش هەمووشتێك دەبێت مزاهەرەو خۆپیشاندانێکی زۆر دروست ببێت لەسەرتاسەری گەنجان دروستت ببێت لەکوردستان بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە هێزی هەبێت بۆئەوەی! پێش هەموو شتێك ئەوقانونە پیرانە لاببرێت بۆ ئەوەی گەنجو تەلەبە مەجالی هەبێت داخڵی پەرلەمان هەبێت، ئەمە یەك لەدوای ئەوەوەپێویست وایە لیستێکی هاوبەشی گەنجو تەلەبە دروست ببێت بە پشتیوانی کۆمەڵێك رۆژنامەنوسەی کەهاو راو پێشەنگی خۆیان بنبەلیستێکی سەربەخۆ من گرنتیم هەیە لەو

حاڵەتەدا دەتوانن مونافەسەی حیزبە گەورەکانی کوردستانیش بکات من واتێدەگەم ئەگەر بەجدی لیستێك دروست بکەنبەناوی لیستی هاوبەشی گەنج و تەلەبەوە ئەو وەختە هێزێکی گەورەیان دەبێت، دەتوانن زۆر شت بکەن لەپەرلەمان قانونەکان بەدەستی خۆیان دەبێت، هەرچۆن ئێستا قانونەکان لەدەستی ئەوکەسانەیە کەلەناو پەرلەمانیشدا نوستون و خودەیان باتەوە چۆن ئێستا بەشێکی زۆر قانونەکان لەدەستی ئەواندایە گەنجو تەلەبە ڕەخنەی لێدەگرن، لەداهاتودا قانونەکان دەدرێتە دەست خۆیان بەپێی بیر کردنەوەی مۆدێرنی خۆیان هەووڵدەدەن قانونەکان مامەڵ بکەن ئەمە ڕێگایەکی دیکەیە ڕێگای دیکەش زۆرە